Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕازیبونی پیشەیی لای مامۆستایانی پەیمانگەی نابیستان و پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاوەوە

**نزیرة صالح محمد[1] - میهرەبان حسێن صالح[2]**
**ئاراس عوسمان محمد[3]**

[1] بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق،
[2] بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی شارەزور، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق،
[3] بەشی پەروەردە و دەرونزانی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەزانینی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان و پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاوەوە: باری کۆمەڵایەتی، لێهاتویی زانستی، و سالانی خزمەت و بارگرانی وانەوتنەوە، بژێوی مانگانە، لەپێناو هێنانەدی ئەم ئامانجانەش توێژەران میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە، هەروەها بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان پێوەری ڕازیبونی پیشەیی بۆ مامۆستایانی پەیمانگاکانی نابیستان بەسەر (30) مامۆستای نمونەی توێژینەوەکەدا کە پێکهاتبون لە (20 مێ و 10 نێر)دا جێبەجێکرا. بەرێگای مەبەستداری چینایەتی هەڵبژێردران لە پەیمانگاکانی نابیستان، لەگرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتوەکان بریتیبون لە ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لای مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان لە پلەی مامناوەندایە بە کۆی گشتی، بەپێی پلەبەندی بۆ بوارەکان دەرکەوت کە بواری ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی بە پلەی یەکەم دێت، پاشان بواری ڕازیبونی پەیوەندی مامۆستا بەکارگێڕیەوە بە پلەی دوەم دێت، دواتر ڕازیبون لە بواری کۆمەڵایەتی بە پلەی سێیەم دێت، ڕازیبونی لە ژینگەی قوتابخانە بەپلەی چوارەمە، ڕازیبونی لە سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی بە پلەی پێنجەمە، ڕازیبون لەپاداشت و موچە بەپلەی شەشەم و کۆتا پلە دێت. هەروەها ئەنجامەکان بەپێی گۆڕاویی، باری کۆمەڵایەتیی، لێهاتویی زانستی، و سالانی خزمەت و بارگرانی وانەوتنەوە، بژێوی مانگانە دەرکەوت جیاوازی نییە لەنێوان مامۆستایاندا، لەکۆتایدا توێژەران لەسەر بنەمای ئەنجامی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێکیان پێشکەشکرد.

**کلیلە وشەکان:** ڕازیبونی پیشەیی، مامۆستای نابیستان، پەیمانگەی نابیستان.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9**

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

**Received:** 22-May-2022

**Accepted:** 04-July-2022

**Published:** 29-March-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

nazeera.mohammed@univsul.eu.iq

mihraban.salih@uoh.edu.iq

aras.osman@garmian.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

کارگێڕی بەشـــێوەیەکی گشـــتی بە دو پێکهاتە دیاریدەکرێت ئەوانیش پێکهاتەی ڕێکخســـتن و پێکهاتەی مرۆیی. پێکهاتەی ڕێکخســـتن لە پەیکەرەکان و ئەرکەکان پێکدێت کە دەتوانرێت بگۆڕدرێت و دروســـتبکرێتەوە، بەشـــێوەیەک کە بتوانرێ زیاتر کاراتر و بەتواناتربێت و زیاتر لەگەڵ بارودۆخ ژینگەی پێشـــکەوتوی ئەو کاتە بگونجێت، بەڵام پێکهاتەی مرۆیی گرنگییدانی پەیوەندی بەلایەنی مرۆییەوە هەیە لەڕێگەی ڕاهێنانی بەردەوامی فەرمانبەران و دەســـتەی بەڕێوەبردن بۆ بەدەســـتهێنانی لێهاتویی شـــیاو بۆ پیشـــەکەیان و گەشـــەدان بە بەرپرســـیاریەتییان لە کارەکەیاندا، و متمانەبەخۆبون و تواناکانیان بۆ دەرکردنی بڕیاریی گونجاو لەو کاتانەی کە پێویست دەکات لەسنوری دەسەڵاتەکەیاندا بیدەن. هەروەها دابینکردنی پێداویستی پیشەیی و کەسێتی، و فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە دەزگاکاندا وادەکات کە هاندان و پەیوەست بون و ئینتما کەلەلای کارمەندان دروســـتی دەکات بەرامبەر بە دەزگاکەیان، ئەمەش گونجاو و هاوتەریب دەبێت لەگەڵ ئەو ئامانجە ســـەرەکییەی کارگێڕی لەپێناویدا دروســـتبوە، و هێزی کار لەگرنگترین هۆکارە دیاریکراوەکانە بۆ ئاســـتی سـەرکەوتنی دەزگاکان و نیشـانەیەکی گرنگە بۆ توانای ئەو دەزگایانە لەپێناو تازەگەری و پێشکەوتندا. (الربیح، 2018: 2).

ڕازیبونی پیشـەیی بەسـتراوەتەوە بە دو هۆکار ئەوانیش: نەخۆشـیی دەرونیی و نەخۆشـییە جیاوازەکانی تری جەسـتەییەوە، توێژینەوەکانی پێشـو دەریانخسـتوە پەیوەندیەکی ڕون هەیە لەنێوان ڕازیبونی پیشـەیی و دیاردەی شەکەتی جەستەیی و ژیریی لە کاردا، وەک لە توێژینەوەی (إسماعیل و الرشیدي، ٢٠٢٠)، دەریخستوە کە مامۆســـتایانی پەروەردەی تایبەت بەجیاوازی قۆناغەکانی خوێندن کە وانەی تێدا دەڵێنەوە بەنزیکی هەمان کێشـــەیان هەیە و بەدەســت کەمی موچە و هاندانی ماددی و مەعنەوییەوە دەناڵێنن، لە ئەنجامی ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کەســـانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت دەکەن، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی پاڵنەری مامۆســـتاکان بۆ کارکردن لاواز بێت و ئاستی ڕازیبونی پیشەییان نزمەو و ئاستی خۆڕاگری دەرونیش بەشێوەیەکی گشتیی و تەوەرەکانیش (پابەندبون- ژاڵبون و ڕوبەڕبونەوە) هەریەک بەجیا لە ئاســـتی مامناوەندیدایە (إســـماعیل و الرشـــیدي، ٢٠٢٠: 467). بەهۆی ئەوەی کاتێک مامۆســـتای پەروەردەی تایبەت وانە دەڵێتەوە پێویســـتی بە

گرنگیی پێدان و هاندنی زۆرتر هەیە لە مامۆستای خوێندنگە گشتییەکان، چونکە مامۆستای پەروەردەی تایبەت بەگشتی و مامۆستای نابیستان بەتایبەتی پێویستی بەشارەزایی زمانی ئاماژە هەیە بۆ پەیوەندیکردن و هۆکاری ڕونکردنەوەو شێوازی وانەوتنەوەی جۆراوجۆر هەیە، بۆ تێگەیاندن و باسکردنی وانەکە (عیسى، ٢٠١٩: ٢١٧).

لەبەرئەوە دەبینین کاتێک مامۆستا هەست بە ئاسودەیی دەرونی و ئارامی لە کارەکەیدا دەکات ڕازیبونی لە پیشەکەی بۆ زیاددەبێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەلایەنی دەرونیی گرنگیەکی گەورەی هەیە لای مامۆستایان و هەر کەسێکی تر بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر بواری بۆ بگونجێ ڕازی دەبێت لە کارەکەی پاشان دەبێتە هۆی زیادبونی بەرهەم و بەرزبونەوەی ئاستی لێهاتویی و ئینتمای بۆ کارەکەی (خبراء المجموعة العربية للتدريب، ٢٠١٤: 13).

## کێشەی توێژینەوە:

توێژەران بەهۆی بونیان لەبوراەکەدا وەک مامۆستا لە کۆلێژە پەروەدەیەکان و سەردانی مەیدانیان بۆ خوێندنگا گشتییەکان و پەیمانگەکانی تایبەت بە پەروەردەی تایبەت، یەکێک لەو دەزگایانەی پەیوەندی وسەردانمان هەبو لەگەڵیاندا پەیمانگای نابیستان بو، وەک دەزانرێت مامۆستا لە پەیمانگەی نابیستان و مامەڵەکردنی ڕۆژانەیان لەگەڵ ئەم کۆمەڵەیەی کە کۆمەڵێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتن، بەشێوەیەکی گشتی لەزۆر خزمەتگوزاری و گرنگی پێدان بێ بەشن، بەبڕوای توێژەران هێیشتا لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی خزمەتگوزاری و چاودێریکردنیان لە ئاستی پێویستدانییە.

کارکردن لە بواری پەروەردەی تایبەتدا کارێکی ئاسان نییە، لەوەی مامۆستا لە بەربەست و پاڵەپەستۆیانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە لە ئەنجامی ئەوەی خوێندکارەکانی کەسانێکن لەڕوی توانای زانین و لێهاتویی و بیستنەوە لاوازن، بەبەراورد بە خوێندکارانی ئاسایی، گەیشتن بەڕەزامەندی پیشەیی لای مامۆستا دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی کار بەڕاست و دروستی بکات و ئامانجە خوێندنیە گونجاوەکانی بهێنێتەدی، زۆر لە توێژینەوەکانی پێشوتریش دەریانخستوە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان ڕازیبونی پیشەیی و جێبەجێکردنی کارەکاندا، وەک توێژینەوەی (البشير، 2015) دەریخستوە پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەیە لە نێوان ڕازیبونی پیشەیی و جێبەجێکردنی کارەکان. لەبەرئەوە توێژەران بیریان لەوە کردەوە توێژینەوەیەک لەسەر ئاستی ڕازیبونی پیشەیی کۆمەڵێک مامۆستای چینێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت بخەنەڕو، ئەوانیش مامۆستایانی پەیمانگەی نابیستان لە هەرێمی کوردستان، ئەم مامۆستایانە بەراورد بە مامۆستای قوتابخانە گشتییەکان ئەرکیان قورسترو جیاوازترە. بەپێی بڵاوکراوەکانیی نەتەوە یەکگرتوەکان کەزیاتر لە (50) ملیۆن کەسی پەککەوتە هەیە لە جیهاندا، لەو ڕێژەیەش 70% پشکی بەر نابیستی تەواو یان گوێبیستی لاوازی زۆر توند کەوتوە (العقباوي، 2005: 19). کە ئەمانە پێویستیان بە مامەڵەو شێوازی و وانەوتنەوەی تایبەت و شارەزایی و خۆشحاڵی مامۆستا هەیە بۆ فێرکردن و کارکردن لەگەڵیادا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

لەڕێگەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە توێژەران هەوڵدەدەن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.

١- ئایا ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان چەندە؟

٢- ئایا جیاوازیی هەیە لە ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەنێوان مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان لەشاری سلێمانی، و کەلار و کفری؟

٣- ئایا جیاوازی هەیە لە ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایان لە پەیمانگەکانی نابیستان بەپێی گۆڕاوی: ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، لێهاتویی زانستی، و ساڵانی خزمەت و بارگرانی وانەوتنەوە، بژێوی مانگانە؟

## گرنگی توێژینەوە

1- گرنگی توێژینەوەکە لەڕوی تیۆرییەوە لەوەدایە کە ئەم توێژنینەوەیە لەسەر گرنگترین ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی پرۆسەی ئەکادیمی دەکرێت ئەوانیش مامۆستا و دەستەی وانەوتنەوەی پەیمانگەی نابیستانن، لەگەڵ کۆمەڵەیەک لە کۆمەڵەکانی پەروەردەی تایبەت، کە لەڕوی جەستەیی و جوڵەییەوە پەککەوتەنین. ئەگەر بەشێویەکی دروست بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بڕۆن دەتوانرێت ببنە تاکێکی بەسود و بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵگادا، نەک ببنە بار بەسەر کۆمەڵگاوەو بە کەسانی بێتوانا و دواکەتو تەماشابکرێن.

2- زانینی کێشەو ئاستی ڕەزامەندی مامۆستایان یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئەم چینەی مامۆستایان.

3- هەروەها ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی نوێیە، چونکە توێژینەوەی لەم شێوەیە پێشتر لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە (بەپێی زانیاری توێژەران).

4- لەڕوی تیۆرییەوە دەکرێت ئەم جۆرە توێژینەوەوانە ببنە هۆکار بۆ زیادبونی سەرچاوە لەم پەتوکخانەی کوردیدا، و ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زیاتر لەم بوارەدا، کە تا ئێستا سەرچاوەی کوردی لەسەری کەمە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕێگەی جێبەجێکردنی کرداریەوە بەسود دەبێت بۆ:

١- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تا زیاتر زانیاری دەربارەی کێشەکانی مامۆستایانی پەیمانگەکانی بزانێت و دەستنیشانی بکات و ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.

٢- وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی زیاتر هاوکاری مامۆستایانی ئەم پەیمانگەیانە بکەن و بەوردی لە کێشەو ماندوبونیان بزانن.

٣- پەیمانگەکانی نابیستان سودمەند دەبن تا بتوانن، زیاتر لە ڕاو بۆچون و ئاستی پاڵنەری مامۆستاکان بزانن.

٣- دایبابی منداڵانی نابیست زیاتر لە سەختی و کێشەکانی مامۆستایانی پەیمانگەی نابیستان بزانن، تا بتوانن هاوکاریان بکەن.

٤- مامۆستایانی پەیمانگەی نابیستانیش بەشێوەیەکی زانیستیانە دەزانن ئاستی ڕازیبونی پیشەییان لەچ ئاستێکدایە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

## ئامانجی توێژینەوە

لە ڕوانگەی کێشەی توێژینەوە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- زانینی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان.

٢- زانینی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەنێوان مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان لەشاری سلێمانی، و کەلار و کفری و بەراوردکردنیان.

٣- زانینی جیاوازی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایان لە پەیمانگەکانی نابیستان بەپێی گۆڕاوی: ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، پلەی زانستی، و سالانی خزمەت، و بارگرانی وانەوتنەوەو بەشەوانە، بژێوی مانگانە.

## سنوری توێژینەوە

بریتییە لە گشت مامۆستایانی پەیمانگەکانی هیوای نابیستان لەسنوری شاری سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان و کفری بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022).

## زاراوەکانی توێژینەوە

### ڕازیبونی پیشەیی:

لویزو ئەوانی تر (Lewis, et al, 2007) پێناسەی ڕازیبونی پیشەییان کردوە بەوەی بریتییە "لەنیشاندانی ڕادەی هەستپێکردنی تاک دەربارەی پیشەکەی، بەشێوەیەکی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی" (Lewis, et al, 2007: 14).

هەروەها ئەلحوتی (الحوتي، 2018) پێناسەی کردوە بەوە بریتییە "لەهەستکردن بەڕازیبون و دڵخۆشی تاک و تێرکردنی ئارەزو و پێداویستییە پێشبینیکراوەکانی لەگەڵ پیشەو لەنێو خودی ژینگەی پیشەکەیدا".(الحوتي، ٢٠١٨ : ٩).

پێناسەی توێژەران بۆ ڕازیبونی پیشەیی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە ئاستی ڕازیبونی تاک لەو پیشەییەی کاری تێدادەکات خۆی لە چەند بوارێکی جیاوازدا دەبینێتەوە و ڕەنگدانەوەی لەئەرک و جێبەجێکردنی کارەکانیدا.

پێناسەی ڕێکاری ڕازیبونی پیشەیی: بریتییە لەو نمرەیەی کە هەر تاکێک لە نمونەی توێژینەوەکە بەدەستیدەهێنێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بۆ بڕگەکانی پێوەری (ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی نابیست).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

## پەیمانگەی نابیستان

پەیمانگەی نابیستان لەم توێژینەوەیەدا: بریتییە لەو پەیمانگەیەی تایبەتە بە قوتابیانی نابیست لە قۆناغی یەکی بنەڕەتی تا نۆی بنەڕەتی، کە ســـەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو

### چەمکی ڕازیبونی پیشەیی:

ڕازیبونی پیشـــەیی لە دیارترین چەمکە ئاڵۆزو ڕێکخراوەکانە لە دەرونزانیدا، ئەمەش لەبەرئەوەی بارێکی هەڵچونییە، ســـەختە بەشـــێویەکی بابەتیانە پێوانەو توێژینەوەی لەســـەر بکرێ، و لەوانەشـــە لە گرنگترن هۆکارەکانیش بریتیبن لە جۆراوجۆری  توێژینەوەکان کە وایدانێن ڕازیبونی پیشەیی وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ دادەنرێت و کاریگەری دەبێت لەســـەر ڕەفتاری کەســـەکە، وەک لێهاتوی و ئامادەنەبون و پەیوەندییە فەرمی و نافەرمییەکانی، هەندێجاری تریش وەک گۆڕاوی پاشکۆیی کاریگەر بە موچەو ڕێژەی دەرماڵەو دەستخۆشی و پاداشـــت، پەیکەری دەســـەڵات و ڕژێمی بڕیاردان و بابەتی تر و گۆڕاوی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ماددی پەیوەندیدار بە بابەتی ڕازیبونی لەو شـــتانەی لەدەروبەری کارەکەیدا هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوە ڕقبونەوە لە دەوروبەری کارەکەیی و تەوەرە جیاوازەکانی درێژە دەکێشـــێ بۆ ڕقلێبونەوە لە خودی کارەکەی کە دەبێتە هۆی هەستیاری بە نامۆبون و لاوازی هەستی ئینتیما. (خبراء المجموعة العربية للتدريب، ٢٠١٤: ١١).

### تەوەرەکانی ڕازیبونی پیشەیی

(محسین، 2004) تەوەرەکانی ڕازیبونی پیشەیی دابەشکردوە بۆ سێ کۆمەڵە:

**کۆمەڵەی یەکەم:** ئەو هۆکـارانە دەگرێتەوە کە پەیوەنـدی هەیە بە خودی تـاک خۆیەوە وەک ڕەگەزو سالانی خزمەت و لێهاتویی زانستی و تەمەن و باری تەندروستی و ئاستی پیشەیی.

**کۆمەڵەی دوەم:** هۆکارەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ســـتافی کار، ئەمەش پەیوەندی بە ســـەرۆک و پەیوەندی لەگەڵ هاوپیشەکان و ڕێزگرتنی کەسانی تر دەگرێتەوە.

**کۆمەڵەی سێیەم:** هۆکارەکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ دەزگاکە وەک: موچە و توانستی ماددی و دادپەروەری و باردۆخی کار و ئەو تایبەتمەندی و خزمەتگوزاریانەی پێشـــکەشـــیان دەکرێت، چانســـی پێشـــکەوتن و پلەبەرزبونەوە (محسین، 2004: ص ص ٦٧-٧٥).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

## هۆکارە کاریگەرەکانی ڕازیبونی پیشەیی

**هۆکارەکانی ڕازیبونی پیشەیی (سلمان، 2011) لەچەند هۆکارێکدا باسی کردوە، بەم شێوەیە:**

**هۆکاری خودی:** پەیوەندی هەیە بە تاکەکان و تواناو ماوەی خزمەت و کاری پێشو و ئاستی پاڵنەرو بە کارلێکردنی ئەم هۆکارانە ڕازیبونی پیشەیی ڕودەدات.

**هۆکاری زانستی:** بریتییە لە بارودۆخی کارەکەی، پەیوەندی بە سەرۆکی دامەزراوەکان و شێواز و ڕێکاری کارە پیشەییەکان و ئاڕاستەو ڕەنگدانەوەی لەجۆر و بەرپرسیاریەتییەکان.

**هۆکاری ژینگەیی:** وەک ئینتیمای کۆمەڵایەتی و توانای تاک بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کارەکەی بەپێی ڕێزگرتنی کۆمەڵگە بۆی کاریگەری نەرێنی یان ئەرێنی لەسەر تاکەکان و تەواوکاریان لەگەڵ کارەکەیاندا. (سلمان، 2011: ص ص 67-68).

**چ کاتێک ڕازیبونی پیشەیی بەدی دێت؟**

کاتێک ئەو پێداویستیانەی تاک هەڵپەی بۆ دەکات بەتەواوی دەتوانێت تێریان بکات لە کارەکەیدا.

کاتێک تاک ئەوە دەبینێت کە دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت کە ئارەزوی دەکات لە ژیانیدا.

کاتێک تاک دەتوانێت ئەوپەڕی تواناو هێزو وزە شاراوەکانی لە دەوروبەری کارەکەیدا بەدیبهێنێت.

کاتێک هەستی تاک بۆ شیاوی و گونجاوی توانا تایبەتییەکانی لەگەڵ پیشەکەی زیاد دەکات.

کاتێک تاک دەگات بە لوتکەی داهێنان کە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت لەکارەکەیدا (فلیه و عبد المجید، 2001: 259).

## پەککەوتەیی بیستن چییە؟

بریتییە لە بونی لەکارکەوتنێک لەتوانای بیستن بەهۆی بونی کێشەیەک لە جیهازی بیستن (گوێچکە)، ئەم کێشەیەش لەوانەیە لە گوێچکەی دەرەوە یان گوێچکەی ناوەڕاست یان ناوەوە ڕوبدات، یان دەماری بیستن کە گەیشتوە بە مێشک، لەدەستدانی بیستن لە نێوان باری مام ناوەند یان ئەوپەڕی قوڵیا دەبێت کە پێیدەوترێت نابیست(موسی، 2009: 12).

## جۆرەکانی نابیست

**دەتوانین جۆەرکانی نابیست پۆلێن بکەین بۆ دو جۆر:**

**یەکەم:** نابیست Deaf Child

ئەو کەسانەن کە لەدایکدەبن نابیستن بەئاستێک کە دەبێتە پەککەوتەیی بۆ توانای قسەکردن و زمان. (وتوت و الصواف، 2013: 45)

**دوەم:** نابیستی لاواز The Hard of Hearing

ئەو کەسانەن کە توانای بیستنیان نزمە جا لەکاتی زگماکیدا بێ یان لەکاتی لەدایکبوندا توش بوبێت (بخيت و اليوسفي، ٢٠٠٥: ٢٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

هەروەها (موسی، 2009) پێناسەی کردوە بەوەی ئەو کەسانەن کە لێهاتویی قسەکردن و توانای تێگەیشتنی زمان بۆ دروست بوە، بەڵام لەدوایدا دەرکەوتوە کە پەکەوتەیی بیستنیان هەیەن ئەمانە هۆشیارن بە دەنگەکان و هەروەها توانای ئەوەشیان هەیە پەیوەندی ئاسایی یان نزیک لە ئاسایی بە جیهانی دەنگەکانەوە بکەن کە تێیدا دەژین (وتوت و الصواف، 2013: 46). ئەو لاوازی بیستنە وای لێدەکان بەتەواوی لە قسەکان تێنەگات جا بە یارمەتی جیهاز بێت یان بێ جیهاز.

ئەم ئاست لاوازییەی بیستن لای منداڵانی نابیست وادەکات پێویستیان بە خزمەتگوزاریەکی دیاریکراو هەبێ وەک ڕاهێنانی بیستن و خوێندنەوەی قسەکردن و چارەسەری قسەکردن. (موسی، 2009: ١٣).

## توێژینەوەکانی پێشو

### توێژینەوەی ئەبوزید (ابوزید، 2017)

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئاستی ڕازیبونی پیشەیی و ئاستی گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەلای مامۆستایان لە قوتابخانەی نابیستان.

الرضا الوظيفي، ومستوى التوافق النفسي والاجتماعي لدى المعلمين في مدارس الصم.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی و ئاستی گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەلای مامۆستایان لە قوتابخانەی نابیستان و ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان ڕازیبونی پیشەیی و گونجاندنی پیشەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و زانینی جیاوازی لە ئاستی ڕازیبونی پیشەیی و ئاستی گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی هەندێک لە گۆڕاوە دیموگرافییەکان. بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی میتۆدی وەسفی و شیکاری بەکارهێناوەو ئامرازی توێژینەوەی پێوانەی ڕازیبونی پیشەیی و گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە ئامادەکردنی توێژەران بو. ئامرازەکان لەسەر نمونەی توێژینەوە (145) مامۆستا جێبەجێکرا، کە بەشێوەی ڕووپێوی هەمەلایەنی هەڵبژێرابون، هەروەها توێژەر کۆمەڵێک لە شێوازو تاقیکردنەوەی ئامرازی ئاماری گونجاوی بەکارهێنا، لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتنە ئەوەی کە ئاستی ڕازیبونی لەلای مامۆستایانی پەروەردە نزمە، بواری ڕازیبون لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پلەی یەکەم بو پاشان بواری پێزانینی مامۆستا بۆ پیشەکەی هاتبو، دواتر ڕازیبونی مامۆستا لە بەڕێوەبردن هاتبو، ڕازیبون لە بواری کۆمەڵایەتی بە پلەی چوارەم و دواتر بواری ڕازیبون لە ژینگەی قوتابخانەیی و بواری ڕازیبون لە پاداشت و موچە لە پلەی کۆتایی هاتبو.

بەڵام ئاستی گونجاندنی تایبەتی و کۆمەڵایەتی بە پلەی مام ناوەند هاتبو، هەروەها ئەنجامەکان دەریان خستبو کە جیاوازی نییە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری بۆ ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانەکانی غەززە بەپێی گۆڕاوی تەمەن و ڕەگەز و باری کۆمەڵایەتی و لێهاتویی پیشەیی و سالانی خزمەت و بارگرانی وانەوتنەوەو موچەی مانگانە. هەروەها جیاوازی بەڵگەداریی ئاماری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

نییە بۆ گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی تەمەن و توخم و باری کۆمەڵایەتی و لێهاتوە پیشەیی و ساڵانی خزمەت و بارگرانی وانەوتنەوەو بێزێویی مانگانە.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریانخســـت کە دەتوانرێت پێشـــبینی ئەوە بکرێت کە مامۆســـتایانی پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانەکانی نابیســـتان لە غەززە بگەن بە گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ڕازیبونی پیشەییەوە (ابوزید، 2017: 1) .

## توێژینەوەی حەسەن (حسن، 2020)

بەناونیشانی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت و پەیوەندی بە هەندێک گۆڕاوەوە.

الرضا الوظيفي لدى معلمي التربية الخاصة وعلاقته ببعض المتغيرات

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە دەرخستنی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت و پەیوەندی بە هەندێک گۆڕاوەوە، پشتی بە میتۆدی وەسفی بەراوردکاری بەستوە، نمونەی توێژینەوە پێکهاتبو لە (150) مامۆستای پەروەردەی تایبەت، (70) مامۆستای نێرو (80) مامۆستای مێ. لە قوتابخانە حکومی و تایبەتییەکانی پارێزگای شەرقیە لەشاری ئەلزقازیق و منیا ئەلقەمح. بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژێرابون، توێژینەوەکە ڕاپرسی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی بەلای مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بەکارهێنابو. لە ئەنجامدا توێژینەوەکە دەریخستبو کە ڕێژەیەک لە ڕازیبونی پیشەیی هەیە لەلای مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت. هەروەها بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەلای مامۆستایان بەپێی ژینگەی کار و ڕژێم (حکومی و تایبەت) لەبەرژەوەندی ژینگەی کاری حکومی، و بونی جیاوازی بەپێی ڕەگەز (نێرو مێ) لە بەرژەوەندی مێ، و بونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندنی (دکتۆرا، ماجستێر، دبلۆمی پەروەردەی تایبەت، بەکالۆریۆسی پەرورەردەی تایبەت) لە بەرژەوەندی ئاست بەرزەکان، و بونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت و شارەزایی لە پیشەکەی ئیستایاندان (کەمتر لە پێنج ساڵ- لە شەش ساڵ بۆ دە ساڵ- زیاتر لە 15 ساڵ. لە بەرژەوەندی مامۆستایانی ساڵانی خزمەت زۆر، هەروەها لە کۆتایدا بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە جۆری پەککەوتنی ئەو کەسانەی مامۆستایان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن (حسن، 2020: 816).

## توێژینەوەی ئەلمتوع (المطوع، ٢٠٢١)

الرضا الوظيفي لدى معلمي التعليم العام ومعلمي ذوي الاحتياجات الخاصة بدولة الكويت

بە ناونیشنانی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی ئاسایی و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە وڵاتی کویت.

ئامانجی توێژەر لەم توێژینەویەدا زانینی ئاستی ڕازیبونی پیشـەیی لەلای مامۆسـتایانی خوێندنی ئاسـایی و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە هەردو توخم لە وڵاتی کویت، و هەروەها زانینی ئاستی جیاوازی لەنێوان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

توخمی نێر و مێ بۆ ڕازیبونی پیشـــەیی و لەلایەکی ترەوە زانینی ئەوەی ئایا جۆری خوێندن لەو قوتابخانانەی مامۆستا کاری تێدا دەکەن کاریگەری هەیە لەسەر لێهاتویی وانەوتنەوەو ئاستی شارەزایان لەسەر جیاوازی نێوانیان لە ڕازیبونی پیشەیی.

توێژینەوەکە پشـتی بە میتۆدی وەسـفی بەراوردکاری بەسـتوە، نمونەی توێژینەوە پێکهاتبو لە (670) مامۆستا، (340) مامۆستای نێرو (330) مامۆستای مێ لە قوتابخانە خوێندنی گشتی و پەروەردەی تایبەت.

لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشت بەوەی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەئاستێکی نزمدایە لەلای مامۆستایانی قوتابخانە گشـــتیەکان و قوتابخانەکانی پەروەردەی تایبەت. هەروەها توێژینەوەکە ســـەلماندی ڕەگەز کاریگەریەکی لاوازی هەیە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕەگەز کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی ڕازیبونی پیشەیی. لەکاتێکدا هۆکاری لێهاتویی بەرزو لێهاتویی مام ناوەند و ســاڵەکانی خزمەت و شــارەزایی و جۆری خوێندن (گشــتی یان پەروەردەی تایبەت)، ئەم هۆکارانە کارییگەریان نەبوە لەســەر ئاســتی ڕازیبونی پیشــەیی لەلای مامۆســتایانی خوێندنی گشــتی و خاوەن پەروەردەی تایبەت، ئەمەش بەوە ڕاڤەدەکرێ کە بارودۆخ و ژینگەی باوی کارکردن لەوانەیە وەک یەک وابێت لەلای تاکەکانی نمونەکەی توێژینەوەکە (المطوع، ٢٠٢١: 41).

## گفتوگۆی توێژینەکانی پێشو

توێژەران سودیان وەرگرتوە لە توێژینەوەکانی پێشو وەک سەرچاوەیەک بۆ چوارچێوەی تیۆری، هەروەها ســودیان لە پێوەرەکانی ســەرچاوەکانی پێشــوتریش وەرگرتوە بۆ هەڵســەنگاندن و زانینی ئاســتی ڕازیبونی پیشــەیی لای مامۆســتایانی نابیســت و بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەویە بەئەنجامی توێژینەوەکانی پێشــو، توێژینەوەکانی پێشــو هەموی لە وڵاتە عەرەبییەکان و بیانییەکانی تر ئەنجامدراوە و بەزمانی کوردی نەبوە. هەندێک لەتوێژینەوەکانی پێشــو گرنگیان داوە بە زانینی ئاســتی ڕازیبونی پیشــەیی لەلای مامۆســتایانی خوێندنی گشـــتی و پەروەردەی تایبەت لە قۆناغەکانی بنەڕەتی وئامادەیی بە گۆڕاوی جیاوازەوە. ئامانجی توێژینەوەکانی پێشو پێوانەی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی بوە لەدەزگا پەروەردەییەکاندا لای مامۆستایان بەگشتی و هەندێکیان مامۆســـتایانی پەروەردەی تایبەت بەتایبەتی، بەڵام جیاوازبون لە دیاریکردنی هۆکارو ڕەهەندە کـاریگەرەکـان لەســـەر ڕازیبونی پیشـــەیی و ڕازینەبون. توێژینەوەکـان بە زۆری میتۆدی وەســـفی و بەراوردکارییان بەکارهێناوە بۆ گەشتن بە ئامانجەکان. توێژینەوەکانی پێشو نمونەی توێژینەوەکەیان ژمارەیان زۆر بوە. ئەنجامەکانی هەندێک لە توێژینەوەکان دەریانخستوە کە ڕێژەی ئاستی ڕازیبونی پیشەی لە ئاستێکی نزمدایە، لەم توێژینەوەیدا بەهەمان شـــێوە ئامانج زانینی ئاســـتی ڕازیبونی پیشـــەیی بو بۆ مامۆســـتایانی پەیمانگەکانی نابیستان لە یەکێک لە شارەکانی کوردستان، بەکارهێنانی پێوەری ڕازیبونی پیشەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بەڵام نمونەی توێژینەوەکەمان کەمتر بو لە توێژینەوەکانی پێشــوتر، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی شاری سلێمانی و هەرێمی کوردستان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

## ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە

### میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەدا میتۆدی وەســـفی بەکارهاتوە هەوڵی زانینی پەیوەندی گۆڕاوێک بە گۆڕاوێکی ترەوە، ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە زانینی ئاســتی ڕازیبونی پیشــەیی لای مامۆســتایانی نابیســت پەیوەندی بە هەندێک گۆڕاوەوە.

### کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە گشــت مامۆســتایانی پەیمانگەی نابیســتانی هەرسێ پەیمانگای شــاری ســـلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی کەلار و کفری لە پەیمانگە حکومییەکانی ســـەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتین سەرجەمیان دەکاتە (39) مامۆستا.

### نمونەی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا نمونەی مەبەســـتداری چینایەتی هەڵبژێراوە ئەم شـــێوازی هەڵبژاردنە پێویســـتی بە وردەکاری هەیە بۆ دەســـتنیشـــانکردنی نمونە. نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٣٠) مامۆســـتای نابیســـت کە دابەشبون بەسەر (9) مامۆستا لە پەیمانگەی نابیستانی هیوای سلێمانی (3) نێر و (6) مێ، و (13) مامۆستا لە پەیمانگەی نابیســـتانی هیوای گەرمیان (4) نێر و (9) مێ، (8) مامۆســـتا لە پەیمانگەی نابیســـتانی هیوای کفری (3) نێر و (5) مێ.

### ئامرازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەدا پێوەری ڕازیبونی پیشــەیی بەکارهاتوەو بەســـەر نمونەی توێژینەوەدا دابەشــکراوە، پێوەرەکە ســـەرچاوەکەی ڕاســـتەخۆ لە أبو زيد (2017) وەرگیراوە، نامەیەکی ماســـتەری بڵاونەکراوە لە زانکۆی ئەزهەر لەلایەن توێژەر فاطمة حسين أبو زيد (2017) ئامادەکراوە.

پێوەرەکە لە (59) بڕگە پێکهاتوە، دابەشبوە بەسەر (6) بواری سەرەکیدا بەم شێوەیە بڕگەکان دابەشکراون:

١- ڕازیبون بە پەیوندی مامۆستا بە کارگێرییەوە (12) بڕگە.

٢- ڕازیبون لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی (7) بڕگە.

٣- ڕازیبون لە پاداشت موچە (14) بڕگە.

٤- ڕازیبون لە ژینگەی قوتابخانە (6) بڕگە.

٥- ڕازیبون لە بواری کۆمەڵایەتی (8) بڕگە.

٦- ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی (12) بڕگە.

زنجیرەی پێنجی ڕیزبەندی کە گونجاوە بۆ ســـروشـــتی ئەم توێژینەویە بەکارهاتوە بۆ دیزاینکردنی پێوەرەکە، جێگرەوەکانیش زۆر زۆر (5) نمرە، زۆر (4) نمرە، مامناوەند (3) نمرە، کەم (2) نمرە و زۆر کەم (1) نمرە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

خشتەی (١) ڕاستکردنەوەی پێوەری ڕازیبونی پیشەیی

| وەڵامدانەوە | ئاستی ڕازیبون | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر زۆر | زۆر | مامناوەند | لاواز | زۆر لاواز |
| ڕاستکردنەوەی | 5 | ٤ | 3 | 2 | 1 |
| ماوە | 4.2-5.0 | 3.4-4.2 | 2.6-3.4 | 1.8-2.6 | 1-1.8 |
| کێشی ڕێژەیی بەرامبەر | زیاتر لە84% | 68%-84% | 52%-68% | 36%-52% | کەمتر لە 36% |

## ڕاستگۆیی:

بۆ دەرهێنانی نمرەی ڕاستگۆیی توێژەران ڕاستگۆیی شارەزایان (Referees Validity) واتە ڕاستگۆیی ڕواڵەتیان بەکارهێنا، هەستان بە بەخستنەڕوی پێوەری ڕازیبونی پیشەیی بۆ پسپۆری شارەزای لە دەرونزانی گشتی و دەرونزانی پەروەردەی و وانەوتنەوە، دوای وەرگرتنی بیروبۆچونی شارەزایان کە ڕێژەی هاوڕابونیان لە نێوانیاندا (89) دەرچو لەبەرئەوە لە ئەنجامدا سەرجەم بڕگەکان وەکو خۆیان مانەوەن هیچ بڕگەیەک کەمی نەکرد.

## جێگیری:

توێژەر لەرێگەی (20) نمونەی سەرەتاییەوە جێگری بۆ توێژینەوەکە کردوە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی کرۆنباخ ئەلفا :)) Cronbach's Alpha coefficient)و بەتێکرای گشتی بوارەکان (0.924) دەرچوە هەروەها بەکارهێنانی دابەشکردنی نیوەیی (Split Half Coefficient) بە تێکڕای گشتی بوارەکان (0.86) دەرچوە، هەردو دەرئەنجامی جێگریەکە لە ئاستی پەسەندو زۆر باشدابون.

## کەرەستەی ئاماری توێژینەوە:

بۆشیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەران پشتیان بەستوە بەبەرنامەی (SPSS) پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەلایەتییەکان، ئەم هاوکێشانە بەکارهاتوە:

- کێشی ڕێژەیی الوزن النسبي relative weight
- تاقیکردنەوەی تائی بۆنمونەی سەربەخۆ Independent Samples T – Test
- تاقیکردنەوەی یەک ڕێگایی ئەنۆڤا One Way ANOVAs



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

## ئەنجامەکانی توێژینەوەو گفتوگۆکردنیان:

### ئەنجامی ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان.

بۆ زانینی ئەم ئامانجە توێژەران تاقیکردنەوەی وەســفی گونجاویان بەکارهێناوە، لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و کێشــی ڕێژەیی و پلە بۆ هەر بوارێک لە بوارەکانی پێوەری ڕازیبونی پیشــەیی و نمرەی کۆی گشتی برگەکان، خشتەی ژمار (2) ئەمە ڕون دەکاتەوە.

**خشتەی (2) : خستنەڕوی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و کێشی ڕێژەیی و پلە بۆ هەر بوارێ لە بوارەکانی پێوەری ڕازیبونی پیشەیی**

| بوار | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | کێشی ڕێژەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ڕازیبون بە پەیوندی مامۆستا بە کارگێرییەوە | 41.0999 | 12.2299 | 68.49983333 | 2 |
| ڕازیبون لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | 18.5333 | 8.94733 | 52.95228571 | 5 |
| ڕازیبون لە حەوافزو موچە | 32.4342 | 16.85475 | 46.33457143 | 6 |
| ڕازیبون لە ژینگەی قوتابخانە | 18.3666 | 6.75249 | 61.222 | 4 |
| ڕازیبون لە بواری کۆمەلایەتی | 24.5667 | 8.40715 | 61.41675 | 3 |
| ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی | 41.9334 | 15.01868 | 69.889 | 1 |
| ناوەندی ژمێرەی گشتی | 29.48902 | 11.36838 | 60.05240675 | |

لە خشــتەی (2) دەردەکەوێت کە کێشــی ڕێژەیی بۆ بوارەکانی ڕازیبونی پیشــەیی لە نێوان (69.88% بۆ 46.33%) ، لە نێوان بەرزترین بۆ نزمتریندایە، هەروەها کێشی ڕێژەیی بۆ ناوەندی ژمێرەی گشتی بریتییە لە (60.05%)، ئەمەش بە ئاســـتی مامناوەند دێت ئەمەش جیاوازە لە ئەنجامی توێژینەوەی ئەبو زید (ابو زید، 2017) و ئەلمتوع (المطوع، ٢٠٢١) کە لە ئامانجی توێژینەوەکەی ئەواندا ئاستی ڕازیبونی مامۆستای نابیستان لەئاسـتێکی نزمدایە، بەبۆچونی توێژەران ئاسـتی مامناوەندی ڕازیبونی پیشــەیی لای مامۆسـتایان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە مامۆســـتایان تا ئەندازەیەک مافەکانیان دەســـتەبەر بووە لەڕوی کارگێری و ژینگەی قوتابخانەو هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ هاوپیشەکانیان ئاسودەنن و ڕازین.

هەروەهـا ئەنجـامەکـانی ئەم توێژنەوەیە دەریخســـــت ڕیزبەنـدی بوارەکـان بەپێی پلە و ڕێژەی کێش، ڕێزگرتنی مامۆســـتا لە پیشـــەکەی بە پلەی یەکەم دێت بە کێشـــی ڕێژەی (69.88%)، دواتر بوار پەیوەندی مامۆستا بەکارگێڕیەوە بە پلەی دوەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (68.49%)، دواتر ڕازیبونی لە بواری کۆمەڵایەتی بە پلەی ســـێیەم دێت بە کێشـــی ڕێژەیی (61.41%)، ڕازیبونی لە ژینگەی قوتابخانە بە پلەی چوارەم دێت بە کێشــی ڕێژەیی (61.22%)، ڕازیبونی لە ســەرپەرشــتیاری پەروەردەیی بە پلەی پێنجەم دێت بەکێشــی ڕێژەیی (52.95%)، ڕازیبون لە پاداشـــت و موچە کۆتا پلە دێت بە کێشـــی ڕێژەیی (46.33%). ئەمەش هاوشـێوەیی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

ئەنجامی توێژینەوەی ئەبو زید (ابو زید، 2017) یە، کە ڕازیبون لە پاداشت و موچە بە پلەی کۆتایی بوارەکانی ڕازیبون پیشـــەیی دێت بۆ مامۆســـتایانی نابیســـتان، ئەمەش بەرای توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە قەیرانـاوییەی ئابوری هەرێمی کوردســـتان کە زیاتر لە 8 ســـاڵە خەڵک و موچەخۆرانی هەرێمی کوردســـتان پێوەی دەناڵێنن لەکەمی موچەو لێبڕان و نەبونی شایستە داراییەکان و پلە بەرزکردنەوە.....هتد، وای کردوە ئەو بڕە پارەیەی مامۆستایان وەریدەگرێت لە ئاست هیلاکی و ماندوبونیاندا نەبێت و دەرئەنجام لاوازی ڕازیبونی پیشەیی لێدەکەوێتەوە دەربارەی بواری موچەو شایستە داراییەکان.

**ئامانجی دوەم:** زانینی ئاســـتی ڕازیبونی پیشـــەیی لەلای مامۆســـتایانی پەیمانگەکانی نابیســـتان هیوا لەشـــاری سلێمانی و کەلار و کفری.

**خشتە (3) تاقیکردنەوە بەرێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way Anova) بۆ زانینی جیاوازی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی پەیمانگای هیوای نایستانی سلێمانی و کەلار و کفری**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارینەکان | بەهای (F) | بەهای بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|
| نێوان کۆمەڵەکان | 1085.719 | 2 | 542.859 | .749 | .482 |
| ناوەندی کۆمەڵەکان | 19571.248 | 27 | 724.861 | | |
| کۆی گشتی | 20656.967 | 29 | | | |

بەو شـێوەیەی کە لە نێو خشـتەی (3) بەهای بەڵگەداری ئاماری (0.482) گەورەترە لە (0.05)، ئەوەش ڕونیدەکاتەوە جیاوازی نییە لە ئاســـتی ڕازیبونی پیشـــەیی لە نێوان مامۆســـتایانی پەیمانگەکانی نابیســـتان لە شـــاری ســـلێمانی و کەلار و کفری بەپێی گۆڕاوی شـــوێنی جوگرافی. توێژەران پێیانوایە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایان لە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و قەزای کفری، ئەو شێوازی مامەڵەکردنە کارگێڕییەیان بەلاوە گونجاوە کە کارگێڕی پەیمانگە لەگەڵیان ئەنجامی دەدات، چونکە پێیانوایە کەئەرک و ماندوبونەکانیان بەرزنرخێنراوە لەوانەوتنەوەی خوێندکارە نابیســـتەکاندا، هەروەها بەشـــێوەیەکی دادپەروەرانە و بەپێی یاســـا مامەڵەیان لەگەڵ کراوەو ســـەرەڕای ئەوەش کارەکانیان وەک ئەزمونێک دەبینن لەبواری پەروەردەی تایبەت و کەســـانی خاوەن پێداویســـتی تایبەت. لەلایەکی ترەوە ڕێکخســـتنی بەشـــەوانەو خشـتەی وانەکان لەلایەن کارگێری پەیمانگەوە بەجۆرێک دانراوە کە بگونجێت لەگەڵ ســەرجەم مامۆســتایان، و فەراهەمکردنی ئامرازە فێرکارییە ســـەردەمییەکان تایبەت بەنابیســـتان کە مامۆســـتایان دەتوانن لەوانەکانیاندا بۆیان بەکاربهێنن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

**ئامانجی سێیەم:** زانینی جیاوازی ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایان لە قوتابخانەکانی نابیستان بەپێی گۆڕاوی: ڕەگەز، باری ئابوری، لێهاتویی زانستی، ساڵانی خزمەت و بارگرانی وانەوتنەوە، موچەی مانگانە.

**- ڕەگەز**

جیاوازی نێوان مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی (T) بۆ دو سامپڵ بەکارهێنراوە (Independent samples Test)، کە ئەنجامەکەش لە خشتەی (4) خراوەتەڕو.

**خشتەی (4) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی**

**نێوان ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| بوارەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕازیبون بە پەیوندی مامۆستا بە کارگێرییەوە | نێر | 10 | 46.7000 | 5.73585 | 3.137 | .004 بەڵگەدار |
| ڕازیبون لەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی | مێ | 20 | 38.3000 | 7.40626 | | |
| ڕازیبون لەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی | نێر | 10 | 23.9000 | 5.17365 | 3.861 | .001 بەڵگەدار |
| | مێ | 20 | 15.8500 | 5.47987 | | |
| ڕازیبون لەپاداشت و موچە | نێر | 10 | 35.1000 | 7.63690 | .942 | .354 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 20 | 31.2500 | 11.67938 | | |
| ڕازیبون لە ژینگەی قوتابخانە | نێر | 10 | 20.1000 | 2.37814 | 1.377 | .180 بەڵگەدارنییە |
| | مێ | 20 | 17.5000 | 5.68933 | | |
| ڕازیبون لە بواری کۆمەڵایەتی | نێر | 10 | 25.4000 | 2.79682 | .950 | .350 بەڵگەدارنییە |
| | مێ | 20 | 24.1500 | 3.64583 | | |
| ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی | نێر | 10 | 41.10 | 10.546 | -.383 | .704 بەڵگەدارنییە |
| | مێ | 20 | 42.35 | 7.191 | | |
| کۆی گشتی | نێر | 10 | 32.05 | 5.71122 | 11.6473 | 0.2655 بەڵگەدارنییە |
| | مێ | 20 | 28.23333 | 6.84861 | | |

بەو شێوەیەی کە لە نێو خشتەی (4) دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ ئاستی ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی پەیمانگاکانی نابیستان، ناوەندە ژمێرەیی سامپڵی توێژینەوەکە لە کۆی گشتی لەڕەگەزی نێر بریتییە لە(32.05) و بەلادانی پێوەری (5.71122)، لەگەڵ ئەوەشدا نمرەی ناوەندەژمێرەیی تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەڕەگەزی مێ بریتییە لە(28.23333) بەلادانی پێوەری (6.84861) لەکاتی بەراوردکردنی هەردو ناوەندەکە ئەوە ڕوندەبێتەوە کە ناوەندەژمێرەیی ڕەگەزی نێر بەرزترە لە ڕەگەزی مێ، بۆ زانینی جیاوازی نێوان دو ناوەندەکە لە کۆی گشتی بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی) بۆ دو سامپڵی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

توێژینەوەکە دەرکەوت بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.2655) گەورەترە لە(0.05)، ئەوەش نیشانی دەدات کە جیاوازی نییە لەنێوان مامۆستایان لەهەردو ڕەگەز بۆ ئاستی ڕازیبونی پیشەیی. بەڵام لە بواری ڕازیبون بە پەیوندی مامۆستا بە کارگێرییەوە (.004) و ڕازیبون لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی (.001) جیاوازی هەیە، بەهای ئاستی بەڵگەداریان بەرزترە لە (.005) جیاوازەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە. ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ئەبو زید (ابو زيد، 2017)و ئەلمتوع (المطوع، 2021). بە پێچەوانەوە گونجاویش نییە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی حەسەن (حسن، 2020) و کە جیاوازی هەیە لە نێوان مامۆستایاندا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ).

بەڕای توێژەران نەبونی جیاوازی ڕەگەزی نێرو مێ لەم توێژینەوەیدا، بەهۆی نزیکی هەردو ڕەگەز وەک هاوپیشەو لەیەک و تێگەشتن لە زۆربەی داواو پێداویستییەکانی یەکتری، بونی هاو ئاهەنگی و گونجاندنی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای ئەوەش. بەهۆی ئەوەی کە لە ناو ناوەندی پەیمانگەکەدا، یاساو ڕێساکان گشتاندنکراوە لەجێبەجێکردنیدا بەبێ جیاوازی ڕەگەزی.

- **باری کۆمەڵایەتی:**

جیاوازی نێوان مامۆستایانی پەیمانگاکانی نابیستان بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بەکارهاتوە، کە ئەنجامەکەش لەخشتەی (5) خراوەتەڕو.

**خشتەی (5) خستنەڕوی تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA)**

**بۆ ئاستی ڕازیبونی پیشەیی بە پێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی**

| بوارەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارینەکان | بەهای (F) | بەهای بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕازیبون بە پەیوندی مامۆستا بە کارگێرییەوە | نێوان کۆمەڵەکان | 367.570 | 2 | 183.785 | 3.443 | .047 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1441.130 | 27 | 53.375 | | |
| | کۆی گشتی | 1808.700 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | نێوان کۆمەڵەکان | 237.390 | 2 | 118.695 | 3.185 | .057 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1006.077 | 27 | 37.262 | | |
| | کۆی گشتی | 1243.467 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە پاداشت و موچە | نێوان کۆمەڵەکان | 552.697 | 2 | 276.349 | 2.802 | .078 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 2662.769 | 27 | 98.621 | | |
| | کۆی گشتی | 3215.467 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە ژینگەی قوتابخانە | نێوان کۆمەڵەکان | 137.606 | 2 | 68.803 | 3.240 | .055 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 573.361 | 27 | 21.236 | | |
| | کۆی گشتی | 710.967 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە بواری کۆمەڵایەتی | نێوان کۆمەڵەکان | 27.136 | 2 | 13.568 | 1.196 | .318 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 306.231 | 27 | 11.342 | | |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | 29 | 333.367 | کۆی گشتی | |
| .294 | 1.280 | 86.368 | 2 | 172.737 | نێوان کۆمەڵەکان | ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی |
| | | 67.449 | 27 | 1821.130 | ناوەندی کۆمەڵەکان | |
| | | | 29 | 1993.867 | کۆی گشتی | |
| ٠,١٤١٥ | ١,٩٥٠٥ | 124.5947 | 2 | 249.1893333 | نێوان کۆمەڵەکان | کۆی گشتی کۆمەڵەکان |
| | | 48.21417 | 27 | 1301.783 | ناوەندی کۆمەڵەکان | |
| | | | 29 | 1550.9725 | کۆی گشتی | |

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (5) تێبینی ئەوە دەکرێت جیاوازی نییە لە نێوان مامۆستایانی نابیستان لە بواری باری کۆمەڵایەتی چونکە بەهای بەڵگەداری (٠,١٤١٥) بەرزترە لە (0.05)، بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی خوێندن(سەڵت، هاوسەردارن، جیاوەبو، بێوەپیاو یان بێوەژن)، ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژنەوەی ئەبو زید (ابو زيد، 2017).

بەبۆچونی توێژەران نەبونی جیاوازی نێوان مامۆستایان بەپێی باری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مامۆستایان لەپەیمانگەی نابیستان هەوڵی ئەوەیان داوە کە سود لەبەهرەکانیان وەربگرن کە خۆبەخشانە هاوکاری فێرخوازانی نابیست بکەن و بەجۆرێک خشتەی وانەکانیان بۆ دانراوە کە تواناو کاتی دەوامکردنیان بەهەند وەرگیراوە، لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایان پییانوایە کە مافە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ دابینکراوەو بێ جیاوازی ئەرک و فەرمان و شایستیی داراییەکانیان پێدراوەو سەرەڕای ئەوەش مامۆستایان هەموان پییانوایە وانەوتنەوە بە نابیستان ئاسودەیی دەرونیان پێدەبەخشیت و بەئەرکیکی مرۆڤایەتی دایدەنین، بارگرانی خێزانداری و باری کۆمەڵایەتی کارلێکی لەسەر ئەرکەکەیان نییە.

- **پلەی زانستی:** جیاوازی نێوان مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان بەپێی گۆڕاوی پلەی زانستی، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بەکارهاتوە، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (٦) خراوەتەڕو.

**خشتەی (٦) خستنەڕوی تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA)**

**بۆ ئاستی ڕازبونی پیشەیی بەپێی گۆڕاوی ئاستی زانستی**

| بەهای بەڵگەدار | بەهای(F) | ناوەندی چوارینەکان | نمرەی ئازاد | کۆی ناوەندەکان | سەرچاوەی جیاوازی | بوارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .978 | .022 | 1.460 | 2 | 2.921 | نێوان کۆمەڵەکان | ڕازیبون بە پەیوندی مامۆستا بە کارگێرییەوە |
| | | 66.881 | 27 | 1805.779 | ناوەندی کۆمەڵەکان | |
| | | | 29 | 1808.700 | کۆی گشتی | |
| .613 | .498 | 22.138 | 2 | 44.275 | نێوان کۆمەڵەکان | ڕازیبون لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی |
| | | 44.414 | 27 | 1199.191 | ناوەندی کۆمەڵەکان | |
| | | | 29 | 1243.467 | کۆی گشتی | |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕازیبوون لە پاداشت و موچە | نێوان کۆمەڵەکان | 32.079 | 2 | 16.040 | .136 | .873 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 3183.387 | 27 | 117.903 | | |
| | کۆی گشتی | 3215.467 | 29 | | | |
| ڕازیبوون لە ژینگەی قوتابخانە | نێوان کۆمەڵەکان | 98.285 | 2 | 49.143 | 2.166 | .134 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 612.681 | 27 | 22.692 | | |
| | کۆی گشتی | 710.967 | 29 | | | |
| ڕازیبوون لە بواری کۆمەڵایەتی | نێوان کۆمەڵەکان | 46.367 | 2 | 23.183 | 2.181 | .132 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 287.000 | 27 | 10.630 | | |
| | کۆی گشتی | 333.367 | 29 | | | |
| ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی | نێوان کۆمەڵەکان | 212.082 | 2 | 106.041 | 1.607 | .219 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1781.784 | 27 | 65.992 | | |
| | کۆی گشتی | 1993.867 | 29 | | | |
| کۆی گشتی کۆمەڵەکان | نێوان کۆمەڵەکان | 72.66816667 | 2 | 36.33417 | ١,١٠١٦٦٦٦٧ | ٠,٤٩١٥ |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1478.303667 | 27 | 54.752 | | |
| | کۆی گشتی | 9305.835 | 29 | | | |

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (6) تێبینی ئەوە دەکرێت جیاوازی نییە لە نێوان مامۆستایانی نابیستان لە گۆڕاوی پلەی زانستی زانستی، چونکە بەهای بەڵگەداری بۆ کۆی گشتی بریتیە (٠,٤٩) بەرزترە لە (0.05) بەرهەمان شێوە بۆ هەریەک لە بوارەکانیش، بەپێی گۆڕاوی پلەی زانستی خوێندن (دبلۆم، بەکالیۆریۆس، ماستەر)، کە ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ئەبو زید (ابو زید، 2017)و ئەلمتوع (المطوع، 2021). بەپێچەوانەوە گونجاویش نییە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی حەسەن (حسن، 2020) و کە جیاوازی هەیە لە نێوان مامۆستایاندا بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن، بەبۆچونی توێژەران نەبونی جیاوازی نێوان مامۆستایان بەپێی پلەی زانستی بۆ ڕازیبونی پیشەیی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پلەی زانستی جیاوازی ئەوتۆی نەبێت، لەکاتێکدا تێکڕای وانەکانیان بەشێوەی پراکتیکیەو زمانی ئاماژەی تێدا بەکاردەهێنرێت، ئەوەش وایکردوە زانیارییە تیۆرییەکان سودی ئەوتۆی نەبێت، لەکاتێکدا وانەکان بەشێوەی بینراو بەدەست و جوڵەی جەستەیی دەوترێنەوە، و شایستە داراییەکانیان لەلایەن کارگێڕی پەیمانگەکانەوە بە دادپەروەرانە خەرجدەکرێت و هەمو مامۆستایەک ماف و ئەرکی خۆی بەپێی پلەی زانستی دیاریکراوە.

- **ساڵانی خزمەت**

جیاوازی نێوان مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بەکارهاتوە، کە ئەنجامەکەش لەخشتەی (7) خراوەتەڕو.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

خشتەی (7) خستنەڕوی تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way An ova)
بۆ ئاستی ڕازبونی پیشەیی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت

| بوارەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارینەکان | بەهای (F) | بەهای بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕازیبون بە پەیوندی مامۆستا بە کارگێرییەوە | نێوان کۆمەڵەکان | 163.677 | 3 | 54.559 | .862 | .473 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1645.023 | 26 | 63.270 | | |
| | کۆی گشتی | 1808.700 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | نێوان کۆمەڵەکان | 223.008 | 3 | 74.336 | 1.894 | .155 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1020.459 | 26 | 39.248 | | |
| | کۆی گشتی | 1243.467 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە پاداشت و موچە | نێوان کۆمەڵەکان | 1023.759 | 3 | 341.253 | 4.048 | .017 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 2191.708 | 26 | 84.296 | | |
| | کۆی گشتی | 3215.467 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە ژینگەی قوتابخانە | نێوان کۆمەڵەکان | 193.669 | 3 | 64.556 | 3.245 | .038 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 517.297 | 26 | 19.896 | | |
| | کۆی گشتی | 710.967 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە بواری کۆمەڵایەتی | نێوان کۆمەڵەکان | 136.986 | 3 | 45.662 | 6.045 | .003 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 196.381 | 26 | 7.553 | | |
| | کۆی گشتی | 333.367 | 29 | | | |
| ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی | نێوان کۆمەڵەکان | 172.569 | 3 | 57.523 | .821 | .494 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1821.297 | 26 | 70.050 | | |
| | کۆی گشتی | 1993.867 | 29 | | | |
| کۆی گشتی کۆمەڵەکان | نێوان کۆمەڵەکان | 318.9446667 | 3 | 106.3148 | ٢,٨١٩١٦٦٦٧ | ٠,١٩٦٦٦٦٦٦٧ |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1232.0275 | 26 | 47.3855 | | |
| | کۆی گشتی | 1550.9725 | 29 | | | |

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (7) تێبینی ئەوە دەکرێت جیاوازی نییە لە نێوان مامۆستایانی نابیستان لە گۆڕاوی پلەی زانستی، چونکە بەهای بەڵگەداری بۆ کۆی گشتی بریتییە (٠,١٩٦) بەرزترە لە (0.05) بەرهەمان شێوە لەسەر ئاستی بوارەکانیش جگە لەبواری ڕازیبون لە ژینگەی قوتابخانە، ڕازیبون لە پاداشت و موچە و ڕازیبون لە بواری کۆمەڵایەتی کە جیاوازی هەیە بەهای بەڵگەداری (.038) (.017) (.003) نزمترن لە (0.05)، بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت (کەمتر لە 5 ساڵ، 6- 10ساڵ، 11-15 ساڵ و زیاتر لە 15 ساڵ)، کە ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ئەبو زید (ابو زید، 2017)و بە پێچەوانەوە گونجاویش نییە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی حەسەن (حسن، 2020) و ئەلمتوع (المطوع، 2021) کە جیاوازی هەیە لە نێوان مامۆستایاندا بەپێی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

گۆڕاوی ساڵانی خزمەت و شارەزایی لە پیشەکەیان. بەبۆچونی توێژەران نەبونی جیاوازی نێوان مامۆستایان بەپێی ساڵانی خزمەت بۆ ڕازیبونی پیشەیی، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کارکردن وەک مامۆستا لەناو پەیمانگە و وانەوتنەوە بەنابیستان، ساڵانی خزمەت کاریگەری نییە، چونکە هەمان ڕژێم و یاسا پەیڕەودەکەن، هەروەها هەموویان پێکەوە بێ جیاوازی ملکەچن بۆ ئەو بارودۆخەی کە پەیوەندی بە پیشەکەوە هەیە.

- **بارگرانی وانەوتنەوە و بەشەوانە**

جیاوازی نێوان مامۆستایانی پەیمانگاکانی نابیستان بەپێی گۆڕاوی بارگرانی وانەوتنەوە و بەشەوانە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بەکارهاتوە، کە ئەنجامەکەش لەخشتەی (8) خراوەتەڕو.

**خشتەی (8) خستنەڕوی تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way An ova) بۆ ئاستی ڕازیبونی پیشەیی بەپێی گۆڕاوی باگرانی وانەوتنەوە**

| بوارەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارینەکان | بەهای (F) | بەهای بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕازیبون بە پەیوندی مامۆستا بە کارگێڕییەوە | نێوان کۆمەڵەکان | 543.200 | 3 | 181.067 | 3.720 | .024 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1265.500 | 26 | 48.673 | | |
| | کۆی گشتی | 1808.700 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | نێوان کۆمەڵەکان | 325.300 | 3 | 108.433 | 3.071 | .045 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 918.167 | 26 | 35.314 | | |
| | کۆی گشتی | 1243.467 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە پاداشت و موچە | نێوان کۆمەڵەکان | 139.981 | 3 | 46.660 | .394 | .758 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 3075.486 | 26 | 118.288 | | |
| | کۆی گشتی | 3215.467 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە ژینگەی قوتابخانە | نێوان کۆمەڵەکان | 46.092 | 3 | 15.364 | .601 | .620 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 664.875 | 26 | 25.572 | | |
| | کۆی گشتی | 710.967 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە بواری کۆمەڵایەتی | نێوان کۆمەڵەکان | 30.381 | 3 | 10.127 | .869 | .470 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 302.986 | 26 | 11.653 | | |
| | کۆی گشتی | 333.367 | 29 | | | |
| ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی | نێوان کۆمەڵەکان | 703.992 | 3 | 234.664 | 4.730 | .009 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1289.875 | 26 | 49.611 | | |
| | کۆی گشتی | 1993.867 | 29 | | | |
| کۆی گشتی کۆمەڵەکان | نێوان کۆمەڵەکان | 298.1576667 | 3 | 99.38583 | 2.23083333 | 0.321 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1252.814833 | 26 | 48.18517 | | |
| | کۆی گشتی | 1550.973 | 29 | | | |


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (٨) تێبینی ئەوە دەکرێت جیاوازی نییە لە نێوان مامۆستایانی نابیستان لە گۆڕاوی بارگرانی وانەوتنەوە، چونکە بەهای بەڵگەداری بۆ کۆی گشتی بریتییە (0.321) بەرزترە لە (0.05) بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی بوارەکانیش جگە لە بواری ڕازیبون بە پەیوەندی مامۆستا بە کارگێڕییەوە و ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی جیاوازی هەیە بەهای بەڵگەداری (.024) (.009) نزمترن لە (0.05)، بەپێی گۆڕاوی بارگرانی وانەوتنەوە (کەمتر لە 10 وانە لەهەفتەیەکدا، 11-20 وانە لە هەفتەیەکدا، 21-25 وانە لەهەفتەیەکدا و 26 وانە زیاتر لە هەفتەیەکدا)، ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ئەبو زید (ابو زيد، 2017).

بەبۆچونی توێژەران نەبونی جیاوازی نێوان مامۆستایان بەپێی بارگرانی وانەوتنەوەو بەشەوانە بۆ ڕازیبونی پیشەیی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کارکردن لەناو پەیمانگەی تایبەت و وانەوتنەوە بە گروپێک لە قوتابیانی نابیست و جێبەجێکردنی یاساو ڕژێمێکی تایبەت، هەروەها ئەوان هەمویان بەپێی جیاوازی بەشەوانەیان لەژێر هەمان بارودۆخدان کە پەیوەندی بە پیشەکەیانەوە هەیە. گومانی تێدانییە وانەوتنەوە لە پەیمانگەی نابیستان و گونجاندن لەگەڵ سروشتی پەروەردەی تایبەت و پێویستی بە لێهاتویی جۆراوجۆرو توانای جیاواز هەیە بەبەراورد بە قوتابخانە گشتییەکان.

- **بژێوی و موچەی مانگانە:**

جیاوازی نێوان مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان بەپێی گۆڕاوی بژێوی و موچەی مانگانە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بەکارهاتوە، کە ئەنجامەکەش لەخشتەی (9) خراوەتەڕو.

**خشتەی (9) خستنەڕوی تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way An ova) بۆ ئاستی ڕازیبونی پیشەیی بەپێی گۆڕاوی موچەی مانگانە**

| بوارەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارینەکان | بەهای (F) | بەهای بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕازیبون بە پەیوەندی مامۆستا بە کارگێڕییەوە | نێوان کۆمەڵەکان | 142.159 | 3 | 47.386 | .739 | .538 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1666.541 | 26 | 64.098 | | |
| | کۆی گشتی | 1808.700 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | نێوان کۆمەڵەکان | 74.684 | 3 | 24.895 | .554 | .650 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1168.782 | 26 | 44.953 | | |
| | کۆی گشتی | 1243.467 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە پاداشت و موچە | نێوان کۆمەڵەکان | 738.008 | 3 | 246.003 | 2.582 | .075 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 2477.459 | 26 | 95.287 | | |
| | کۆی گشتی | 3215.467 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە ژینگەی قوتابخانە | نێوان کۆمەڵەکان | 60.096 | 3 | 20.032 | .800 | .505 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 650.871 | 26 | 25.033 | | |
| | کۆی گشتی | 710.967 | 29 | | | |
| ڕازیبون لە بواری کۆمەڵایەتی | نێوان کۆمەڵەکان | 35.084 | 3 | 11.695 | 1.019 | .400 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 298.282 | 26 | 11.472 | | |
| | کۆی گشتی | 333.367 | 29 | | | |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی | نێوان کۆمەڵەکان | 169.525 | 3 | 56.508 | .805 | .502 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1824.341 | 26 | 70.167 | | |
| | کۆی گشتی | 1993.867 | 29 | | | |
| **کۆی گشتی** | نێوان کۆمەڵەکان | 203.2593333 | 3 | 67.75317 | 1.08316667 | 0.445 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1347.712667 | 26 | 51.835 | | |
| | کۆی گشتی | 1550.973 | 29 | | | |

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (9) تێبینی ئەوە دەکرێت جیاوازی نییە لە نێوان مامۆستایانی نابیستان لە گۆڕاوی موچە، چونکە بەهای بەڵگەداری بۆ کۆی گشتی بریتییە (0.445) بەرزترە لە (0.05) بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی بوارەکانییش بەهەمان شێوە جیاوازی نییە، بەپێی گۆڕاوی بارگرانی وانەوتنەوە (کەمتر لە 500,000 دینار، 500.000 – 1000.000 دینار و زیاتر لە 1000.000 دینار)، کە ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ئەبو زید (ابو زید، 2017)، بەبۆچونی توێژەران نەبونی جیاوازی نێوان مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی موچە بۆ ڕازیبونی پیشەیی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کارکردن لەناو قوتابخانەو وانەوتنەوەی نابیستان کە خاوەنی ڕژێم و یاسای تایبەتەو سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییە، هەروەرها هەمان باردۆخی وەک یەکیان هەیە و ئەگەر مامۆستاکان وەک یەک و بەدادپەروانە ملکەچ بن بۆ سیستەم و هەستکردنی مامۆستا بە ئەوەی ئەو موچەیەی وەریدەگرێت دادپەروەرانەیە و شایستەیی خۆیەتی دەبیات بەرەو هەستکردن بە ڕازیبونی پیشەیی.

## ئەنجام

1- ڕازیبونی پیشەیی لەلای مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی مامناوەندایە.

2- ڕازیبونی پیشەی مامۆستایان بەپێی بوارەکان: بواری ڕێزگرتنی مامۆستا لە پیشەکەی بە پلەی یەکەم دێت لە ئاستی بەرزدایەو ڕازیبون لە پاداشت و موچە کۆتا پلەیە و بەپلەی شەشەم دێت بە ئاستی لاواز. بواری ڕازیبونی پەیوەندی مامۆستا بە کارگێڕیەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، ڕازیبونی لە بواری کۆمەڵایەتی لە پلەی مامناوەندایە، ڕازیبونی لە ژینگەی قوتابخانە لە پلەی مامناوەندایە، ڕازیبونی لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەهەمان شێوە لە پلەی مامناوەندایە.

3- ڕازیبونی مامۆستایانی پەیمانگەکانی نابیستان بەجیاوازی شوێنی جوگرافیایان لە شاری سلێمانی و کەلار و کفری جیاوازیان نییە لەڕوی ڕازیبونی پیشەییەوە هەمویان لەیەک ئاستدان.

4-جیاوازی لە نێوان مامۆستایانی پەیمانگاکانی نابیستان نییە لەڕوی (ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، پلەی زانستی، و ساڵانی خزمەت، بارگرانی وانەوتنەوە و موچەی مانگانە.)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

## ڕاسپاردە:

١- دابینكردنی بینایە و پێداویستییە تایبەتەكانی وەک كەرەستە ئەلیكترۆنییەكانی تایبەت بە نابیستان لەلایەن وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتیەوە.

٢-گرنگیدان بەدامەزراندنی مامۆستای پسپۆڕ لەبواری پەروەردەی تایبەت لەو ناوەندانەی كە تەرخانكراون بەگروپی نابیستان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان.

## پێشنیاز:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژنەوەیە بۆ مامۆستایانی پەیمانگاكانی نابیستان لە شارەكانی تری هەرێمی كوردستان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی بۆ مامۆستایانی گروپە جیاوازەكانی تری پەروەردەی تایبەت.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوی هاوشێوەی بۆ بەراوردكاری نێوان مامۆستایانی پەیمانگە حكومی و تایبەتییەكان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

# Job Satisfaction among Teachers in Deaf Institutes and its Relationship to Some of the Variables

**Nazeera Salih Mohammed**[1] - **Mihraban Hussen Salih**[2]
**Aras Osman Mohammad**[3]

[1] Kindergarten Department, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
[2] Kindergarten Department, Education College of Sharazur, University of Halabja, Halabja, Kurdistan Region, Iraq.
[3] Education & Psychology Department, College of Education, University of Garmian, Kalar Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This study aims to identify the level of the Job satisfaction among teachers in deaf institutes and its relationship to some of the variables: Gender, marital status, educational qualification, and years of service, teaching load, and monthly income. The study used the descriptive analytical approach and the study tool were consisted of job satisfaction scale, were the tool applied on sample of (30) teachers (20 Females 10 Males). They were selected in an intentional, stratified manner from a number of deaf institutes. The study results showed that job satisfaction among teachers of deaf institutes level is medium, and was there area of satisfaction with estimating the teacher for his career has received the first grade, followed by the field of the relationship between the teachers administering, and followed by the third level area of satisfaction about the social sphere. Came level fourth area of satisfaction with the school evaluation, Followed by the area of satisfaction with educational supervision, came level the last area of satisfaction with the incentives and salaries.

In addition, the study results indicated that there were no statistically significant differences in the level of job satisfaction among teachers in due to the variables: gender, marital status, educational qualification, years of service, teaching load, monthly income. In addition to some of recommendations for developing job satisfaction for talent students in the Kurdistan Region of Iraq and Iraq.

**Keywords:** Job Satisfaction, Teachers of Deaf, Deaf Institutes.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9

## سەرچاوەکان:


أبو زيد، فاطمة حسين. (2017). *الرضا الوظيفي، ومستوى التوافق النفسي والاجتماعي لدى المعلمين في مدارس الصم*. رسالة ماجستير غير منشورة. جامعة الازهر- غزة. كلية التربية- قسم علم النفس.

بخيت، عبدالرحيم و اليوسفي، مشيره. (2005). *سيكولوجيه الصم و العميان*. القاهره

البشير، يوسف حسن أدم. (2016). *أثر الرضا التوظيفي على أداء العاملين في مؤسسات التعليم العالي*. رسالة ماجستير غير منشوورة. كلية الدراسات العليا والبحث العلميز جامعة السودان للعلوم والتكنلوجيا.

حسن، أسامة. (٢٠٢٠). الرضا الوظيفي لدى معلمي التربية الخاصة وعلاقته ببعض المتغيرات. *مجلة كلية علوم ذوي الاحتياجات الخاصة*. مج ٢، ع ٢، ج ١ أكتوبر. ص ص ٨١٦-٨٥١.

الحوتي،خالد علي سعد(2018): *الرضا الوظيفي وعالقته بفاعلية أداء العمل في اإلدارة الحكومية (د ارسة تطبيقية على مديري المدارس العامة بمدينة بنغازي)*، رسامة ماجستير غير منشورة، جامعة بنغازي، كلية الاقتصاد،

خبراء المجموعه العربيه للتدريب. (2014). *الرضا الوظيفي والارتقاء بالعمل المهني*. القاهرة: . المجموعة العربية للتدريب والنشر.

الريح، غيداء أحمد الفكي. (2018). *الرضا الوظيفي لدى معلمي مرحلة الاساسي و أثره في تحسين الاداء المهني*. رسالة ماجستير غير منشورة. جامعة السودان للعلوم و التكنلوجيا. كلية الدراسات العليا.

سلمان، منى رسول. (2011). الرضا الوظيفي لدى المشرفين الاختصاصي وعلاقته بادائهم الوظيفي. *مجلة دراسات التربوية*. العدد ١٥. تموز ٢٠١١: ص ص ٥٩ - ٧٨.

إسماعيل، هبة حسين و الرشيدي، نشميه عمهوج حمدان. (2020). علاقة الصلابة النفسية بمستوى الرضا الوظيفي لدى معلمات التربية الخاصة. *الجمعية المصرية للدراسات النفسية*. مج 30 العدد 107 إبريل: ص ص 467-503.

العقباوي، احلام. (2005). *سيكولوجية الطفل الصم*. مكتبة الانجلوا: قاهرة.

عيسى، أحمد نبوي عبده. (2019). تقييم مهارات اداء لغة الاشارة لدى معلمين الصم بمعاهد الأمل في المملكة العربية السعودية. *مجله جامعة أم القرى للعلوم التربوية و النفسية*. مجلد ١٠ عدد ٢ ج٢ ص ص ٢١٤- ٢١٧.

فليه، فاروق عبده وعبد المجيد، السيد محمد. (2001) *السلوك التنظيمي في إدارة المؤوسسات التعليمية*. دمياط: دار المسيرة.

محسين، وجدي أحمد(2004) *مدى رضا موظفي وكالة الغوث العاملين في وكالة الغوث بقطاع غزة عن أنظمة التعويض والحوافز*. رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الاسلامية، غزة، فلسطين.

المطوع، فاطمة حمزة عباس. (٢٠٢١). الرضا الوظيفي لدى معلمي التعليم العام ومعلمي ذوي الاحتياجات الخاصة بدولة الكويت. *مجله وميص الفكر*. العدد التاسع، أذار ٢٠٢١ ص ص ٤١-٥١.

موسى، رشاد علي عبدالعزيز. (2009) *سيكولوجية المعاق سمعيا*. القاهرة: علم الكتب.

وتوت، حمدي أحمد و الصواف، نهى محمود. (٢٠١٣). *الصم و الدمج مع الاسواء في التربية و الرياضة*. القاهرة: مركز الكتاب للنشر.

Lewis, P. S., Goodman, S. H., Fandt, P. M. & Michlitsch J.F. (2007). *Management: Challenges for Tomorrow's Leaders*. (5th Edition.) Mason, OH: Thomson /South-Western.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper9**